# سویدییەکان عیراقی نوێ بەڕێوەدەبەن. . !

ئامادەکردنی لە سویدییەوە: شێرزاد هەینی
heinisherzad@hotmail. com

ژمارەیەکی بەرچاوی زۆر لە سویدییەکان پۆستی باڵایان لە بەڕێوەبردنی عیراق لە دەست دەبێ. ئەوان بەرنامەی دیمکراسی و خۆشگوزرانی و ئازادیی ڕۆژنامەگەریان لە هزرە. مونزر ئەلفزل، ئەوەی دەستوری تازەی عیراقی گرتبوو ئەستۆ وتویەتی:

ولاتی عیراق دەکەینە نموومەی دیمکراسی لە خۆرهەلاتی ناوەراست. ئەو عیراقیە سویدیانە ئەمریکا لە ڕەوشە نوێیەکە بایەخیان پێدەدات. بە بۆچوونی ڕۆژنامەنوس کوردۆ باسکی، ئەوانەی لە هەشتاکان لە دەستی زۆرداری سەدام هەلاتوون ئارەزووی گەڕانەوەو خزمەتکردنی ولاتیان هەیە. ئەوانە ١٠ تا ٢٠ ساڵە لە سوید ژیاون و ڕەگەزنامەی سویدیان وەرگرتووەو لە ژیانی سویدا پسپۆری زۆریان وەرگرتووە. مونزر ئەلفزل کە شەش ساڵە لە ناوچەیەکی ( هێلسبی) ی ستۆکهۆلم دەژی، ژن و منالەکانی هەر لەوێن، وتویەتی من زۆر لە ولاتی سوید فێربووم، وا دەکەم ئاین لە حکومەت و دەستەلات دووربێ.

جوهر نامیق سالم سکرتێری پارتی دیمکراتی کوردستان، کەوا لە پەرلەمانی کوردستان سوودی لە ئەزموونی سویدی بینیبووە. ئەو وتویوتی:

زۆر باشە، تەواوی ئەزموونی سویدی نەك بەشێکی، هەمووی، لە لای ئێمە دووبارە بێتەوە، من زۆر سوپاسی سوید دەکەم بۆ ئەو چەند ساڵەی سوید، من زۆر لێرە فێربووم. سیاسەتزان خالید سعید کە لە شاری لوندە پلەیەکی بەرزی پێدراوە، ئەو وتی:

سویدییە عیراقییەکان پۆستی زۆریان بۆ دانراوە لە ئایندەی عیراق، بەلام ناوەکان هێشتا ئاشکرا نەکراوە.

ئەو ناوانەی کەوا سویدیین و لە کوردستان و عیراق پۆستی بەرچاویان هەیە، ناوی ئەوانەو کاریان بلاوکراوەتەوە، بۆ نموونە:

---

نرمین عوسمان، ئەحمەد الرکابی، مونزر ئەلفزل، خسرۆ گۆران، عبدالوهاب علی، عبدالرزاق میرزا، شێرکۆ بێکەس، شوکت بەرواری، کەریم ژەنگاری، جوهر نامیق سالم.

لە ڕۆژنامەی (Aftonbladet) ی ڕۆژی ٧ ٠٦ ٢٠٠٣ وەرگیراوە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت